# بوومەتە ئاژەڵ

ئەحمەدی مەلا

هەستم کرد بوومەتە ئاژەڵ! بەڵێ ئاژەڵێکی بێزەمەن و بێشوێن. تەنها غەریزە و ئینتیباعم هەبوون. لێوارەکانی لەشمم نەدەناسییەوە و دونیاش رەش و سپی. بۆنی زۆر شتم دەکرد :

بۆنی سەرماوەرز لە سەر پێستەکەم چلووەرەیان دەبەست...
بۆنی شیرینییەکان لە سەر تاڵە سمێڵە درژەکانم دا نم نم دەخەوتن...
بۆنی ئینسانم دەکرد، ئینسانی بریندار بە میتافیزیک، هەموار لە گەڵ دیوار و نامۆ لە گەڵ خۆی...
بۆنی ئەم عەردانەم دەکرد...ئەم عەردە قەستیلانەی کە شیتەڵ ناکرێن و رادەبوورم...

هەستم کرد بوومەتە ئاژەڵێکی لێقەماو...نە رێ دەبینم نە ئاسۆ...قفڵی ئێستاکان پێستەکەم دەشۆنەوە.

چ زەحمەتە دونیای خۆمتان بۆ باس بکەم!

رابردوو دەسڕێتەوە و داهاتوو دەبێتە هەڵم و هەر ئێستاکان دەمێننەوە..
من فەیلەسووفێکی ئاژەڵم و پێش ئەوەی جامێ ئاو بخۆمەوە بیر لە گەرد دەکەمەوە...
پێش ئەوەی کەڵبە لە ئێسقانێ گیر کەم دڵم بەوە خۆشە دونیا هێمنە...
پێش ئەوەی شیعرێ بخوێنمەوە هێڵنج دەدەم..
پێش ئەوەی وانەکانم بڵێمەوە زاکیرەم بۆ فەرامۆشبوون دەخەمە سەر پشت.

من شاعیرێکی ئاژەڵ...
دونیا لە سەر تەناف دەبینم
هێڵێکە قەبرغەی هێڵێکی شەق کردووە
درزێکە دوو تنۆکی تیا گیر بووە

دونیا دەسڕێتەوە و هیچ داگیرم دەکات! واتە هیچ....دونیایەک وەک گەندەمووی ئاسنە و

سپی دەچێتەوە...گەندەموویەکی بێ بارستایی و بەرزم دەکاتەوە بۆ ئەوبەری ئیرۆس...بەرزم دەکاتەوە نێو خەڕندەکانی ئاسۆ و هیچ هەموو شوێنێ غەزوو دەکات...

ئاژەڵێکم دەدەمە قاقا...
ئینسانێکی مەئیوس بە بەردەمما تێدەپەڕێ لەشقورس ڕەزاگران دەیەوێ لە لوغزەکانی ئەبەدەییەت تێبگات.
ئەی هاوڕێ...ئەی برای دوو رووم١ دەستم دەرێ و با بۆ خەڕەندە بەرزەکان شۆڕ بینەوە...

١–ئاماژەیە بۆ دێڕێکی بۆدلێر کە خوێنەر بە هاوچەشنی خۆی و دوو رووی دەزانێ.